www.kurdistannet.org
19/05/2003 13:06

لە (پاشا)ەوە بۆ(ڕەحمان)چ مانایەکە ؟!!

شەماڵ کەریم
shamil022000@yahoo.com

(پاشا) لە ناوی وەسمان پاشای جافەوە دێت،کە سەردەمانێك دەسەلاتدار و حکومداری شاری هەڵەبجە بووە توانیویەنی لە مێژوی ئەم شارەدا چەند لاپەڕەیەك بۆخۆی تومار بکات

یەکێك لەو کارانەی وەسمان پاشای جاف لەم شارەدا بەئەنجامی گەیاندوە و واتەی بوژاندنەوەی ئاوەدانی ئەم شارە شەهیدە وەدەردەخات. سیمایی کەلاوەیی کۆشکەکەیەتی کە بەهۆی هێرشی کیمیابارانی رژێمی بەعس لە ١٩٨٨/٣/١٦ بۆ سەر شارەکە ویران و خاپوور

کرا و ئەو سیما شارستانیەی کە هەیبوو سرایەوە و تائێستاش مایەی ئەسەف و داخی هاوولاتیانی شارەکەیە،مزگەوتی (پاشا)بە کارێکی تری وەسمان پاشا دەژمێردرێت کە پەروشی ئاوەدانکردنەوەی وەسمان پاشا دەردەخەن. ،بەلام لەئەمروۆدا (رابیتەی ئیسلامی کورد)لقی سلێمانی بەمەبەستی دروستکردنەوە و نوێکردنەوەی بەشێوەیەکی جوان و نوێو بەرفراوان مزگەوتەکەیان دروستکردەوە،تا ئێرە مەسەلەکە ئاسایی یە وهیچی تر.

ئەوەی مایەی قسە لەسەر کردنی ئێمەیە یەکێك لەو سیاسەتانەی لە مێژە دوژمانی گەلەکەمان بەکار دەهێنن بۆ سڕینەوەی سیمای کلتوری کوردایەتیمان پیادەکردنی سیاسەتی

(تعریب) بەعەرەب کردنی ناوچەکانی کوردستانە. کە خۆشبەختانە لەگەڵنەمان و لەسەر کارلابردنی ڕژێمی بەعس ئەم سیاسەتەش لەبەین چوو کە سالانیکی زور بوو هەڵ و رەنجی بۆ دەدا ...بەلام تازە بە تازە پیاوەکانی جێبەجێکەری سیاسەتی بەعەرەبکردن و مفت خۆرەکانی شێخانی کەنداو ئەوانەی لەسەر رەنج و ئارەقەی ماندوبونی هەژارانی وولاتانی کەنداو سەرمایەیان کەڵەکە دەکەن،بەناوی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە درێژە بە بەردەوام بوونی سیاسەتی بە عەرەبکردن دەدەن لە وولاتەکەمان داو بەناوی کاری خێرو سەدەقە ئەم بەرنامە ژەهراوییە جێبەجێدەکەن.

زۆر بێشەرمانە و بەشانازییەوە پاش نەمانی دەسەلاتی بەعس و رژێمەکەی هەر بەردەوامن لەسەر ئەم سیاسەتە چەپەڵە. دێن و لەشارێکی زەربەخواردوو بەدەستی رژێمیکی وەك بەعس

بەکاملی ئیفتخارەوە دەیانەوێکلتولری رەسەنی کوردایەتی لەم شارە شەهیدەدا بسڕنەوە.

ئەوەتا پاش وەرگرتنی بڕێك پارە لەشێخێکی دوژمن بە کوردو کوردستان ناوی مزگوتی(پاشا)دەگۆڕن بە مزگەوتی (ڕەحمان)وەك بڵێ کورد گەلێکی موسڵمان نەبێت و

کورد بوون مایەی کافر بوون بێت. هەرچەندە ئەم هەوڵە نەزۆکەی لقی سلێمانی ڕابیتەی ئیسلامە کورد ناتوانێ ئەو سیما کوردبوونە لە زەهن و مێشکی هاوولاتیانی ناوچەکەو هەڵەبجەی شەهیدا بسڕێتەوە وئەم کارەشیان وەك بەرنامەی سیاسەتە دوژمن کارەکانیان مایەی گاڵتەجاری ئینسانە شەرەفمەندەکانە.

بۆیە ئەرکی خەڵکانی شەرافەتمەندو دۆستانی گەلەکەمانە کەئەمرۆ لەدژی ئەم سیاسەتەی

ڕابیتەی ئیسلامی بۆ بەردەوام بوون بەپیادەکردنی سیلیەتی بەعەرەبکردن بوەستنەوە وچیتر ڕێ نەدرێت بەم رێکخراوە بە کرێگیراوە دژایەتی سەروەریەکانی گەلەکەمان بکات.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.